## لیدوانیكي رۆژنامەگەری
## دەربارەی پرۆگرامی وەرزی نوێ

لەسەر پێشنیاری دەستەی كارگێری بنكەی كاوا، دەست پێكردني وەرزی نوێی چالاكیەكانی ئەمساڵی بنكەكەمان رادەگەیەنین، كە بەبەستنی چەند كۆڕێك دەربارەی كێشە جیاوازەكانی پەیوەندیدار بە ئێستاو داهاتووی گەلی كوردستان دەست پێدەكات ، بەتایبەتی :-

یەكەم :- گفتوگۆ كردنی بارودۆخی سیاسي ئەمرۆ كەبە ووردو مەترسیدار دەناسرێتەوە بەهۆی دێوەزمەی ئەگەری شەر كە پەیوەندی بە عیراق بەگشتی هەیە یاخود مافەكانی گەلی كوردستان و ئەزموونەكەی ودوا رۆژی لە ژێر سایەی هەلبژاردەی فیدرالي كە خۆی رەزامەندی لە سەری هەیە لە رێگەی هەلبژاردنێكی دیموكراتیانە .

دووەم :- كێشەكانی ژیان وئاسایش ومرۆڤایەتی كە رووبەرووی كەرتە جەماوەریە فراوانەكانی كوردستان دەبێتەوەو دانانی رێگە چارە بۆ ئەو كێشانە .

سێیەم :- بەشداری كردن لە هەلسەنگاندن وپێشخستنی ئەزموونی دیموكراتیانەی حكومەتی كوردستان وباسكردنی لایەنەكانی ئەو ئەزموونە بە تێروانینێكی رەخنەگرانەی بابەتیانە بە ئامانجی دۆزینەوەی كەم و كوڕیەكان ئەمەش لە رێگەی بەشداری فراوانی وەزیرو لێپرسراوان لە پاڵ رۆشنبیران و كەسایەتیە ئەكادیمیەكان بەپێی گفتو گۆیەكی شارستانیانە .

چوارەم : بەشداری كردن لە یادی سەد ساڵەی لە دایكبوونی بارزانی نەمر بەپێی بارودۆخ و توانا بەردەستەكان .

پێنجەم : گفتوگۆ كردن وشیكردنەوەی مەترسي تیرۆر و مەیلی توووند رەوانەی تاكەكان یاخود كۆمەلەكان كە لەژێر ناونیشاني جیاجیا و دروشمی ئایینی ونەتەوەیی ئەنجامی دەدەن .

شەشەم :- كێشەكانی لاوان وقوتابیان و نەوەی نوێ و هەموو ئەوانەی پەیوەندیدارە بە پەروەردەی زانستی و رۆشنبیری و كۆمەلایەتی و زانكۆ و پەیمانگاكان .

حەوتەم :- بوار رەخساندن لە بەردەم رەگەزی ئافرەت تا بتوانێ گوزارشت لە خۆی بكات و باس لە پرسەكانی ئافرەت و مافەكانی و رۆلی لە كۆمەلگاو ژیانی سیاسیدا، بكات .

هەشتەم :- گرنگی‌دان بە بابەتی گفتوگۆی رۆشنبیری ونەتەوەكان لە كوردستان و ناوچەكە، ئاسان كردنی ئەركی پێكەوە ژیاني نەتەوەكان لە كوردستاندا بە شێوەیەكی دیموكراتیانە و بەهێزكردنی گیانی دۆستایەتی و لەیەكگەیشتنی نێوانیان ، هەروەها گرنگی دان بە پرسی پەیوەندییەكانی كوردی — عەرەبی وچارەنووسی هاوبەش و لە یەكگەیشتن وپێكەوە ژیانیان .

نۆیەم :- خستنە رووی كێشە جیاوازە رۆشنبیریەكان ( شارستانی، مێژوویی، زمانەوانی، وێژەیی، كۆمەلایەتی، راگەیاندن) نەك تەنها لە كوردستانی عیراق بەلكو لە پارچە جیاجیاكانی كوردستان .

دەیەم :- خستنە ڕووی كێشەكانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی كوردستان و گفتوگۆكردن لە سەری بە گیانێكی رەخنەگرانەی ئازایانە لە پێناو دەربازبوون لە تەنگوچەلەمەكانی ئێستا و گەیشتن بە دەرەنجامێكی هزری وسیاسی لە بەشداری كردنی پرۆگرامێكی گشتی نەتەوەیی كوردستانی .

بەم بۆنەیەوە سلاومان ئاراستەی لێپرسراوان و كارمەندانی رۆژنامە و راگەیاندنەكان دەكەین ئەوانەی كەكەمتەرخەم نەبوونە لە كۆششەكانیان بۆ چاودێری كردنی كاروانە رۆشنبیرییەكەمان ، ئاواتە خوازی بەردەوامبونیانین لەم وەرزە تازەیەماندا لە پێناوی بەدەستهێنانی پێشكەوتن بۆ بەرژەوەندی گەلەكەمان و كێشە هاوبەشەكەمان .

**سەرپەرشتی گشتی بنكەی كاوەی رۆشنبیریی كوردي** 2003/1/23

**صلاح بدر الدين**